census
2021

# یارمەتیدانی هەموو کەس بۆ بەشداربوون لە سەرژمێری گشتی 2021 دا

سەرژمێری گشتی لە مانگی مارس (ئازار) ی **2021** دا ئەنجام دەدرێت.
بە بەشداربوون و هاندانی کەسانی دیکە بۆ بەشداربوون، تۆ هەوڵ دەدەیت و ئەوە دڵنیا دەکەیت کە خۆت و خەڵکی ناوچەکەت ئەو خزمەتگوزاریانەتان بەدەست دەگات کە پێویستیتان پێیانە.

# ئایا سەرژمێری گشتی چییە؟

ئەوە ڕووپێوێکە کە هەر 10 ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت و وێنەیەکمان دەداتێ سەبارەت بە دانیشتوان و خەڵکی ناو ماڵەکان لە ئینگلتەرە و وەیڵز.

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکان، ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و گەلێک ڕێکخراوی تر زانیارییەکانی سەرژمێری گشتی بەکار دەهێنن بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چۆن هەموو ساڵێک ملیارەها پاوەند لە خزمەتگوزارییەکاندا سەرف بکەن.

ئەوەش سەرفکردنی پارە لە گواستنەوە، پەروەردە و سەرپەرشتی تەندروستیدا دەگرێتەوە. بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە ئەو پارەیە لەو شوێنانەدا سەرف دەکرێت کە لە هەموو شوێنێک زیاتر پێویستە، زۆر گرنگە کە سەرژمێری گشتی هەموو کەس بژمێرێت.



# پشتگیری تۆ جێگەی بایەخە

ئێمە لەوە تێدەگەین کە بنیاتنانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خەڵکی ناوچەکان واتە خەڵکانێکی زیاتر دەیانەوێت لە سەرژمێری گشتیدا بەشداری بکەن.

ئێمە هەروەها لەوە تێدەگەین کە هیچ کەسێک لەخۆت باشتر شارەزای خەڵکی ناوچەکەت نییە. پشتگیری لە سەرکردە متمانەپێکراوەکانی ناوچەکە و نوێنەرانی خەڵکی ناوچەکەوە زۆر گرنگ دەبێت بۆ یارمەتیدانی خەڵک کە بەشداری بکەن.

# دروستکردنی پەیوەست لەناو خەڵکی ناوچەکەدا

ئێمە پێوستیمان بە یارمەتی ئێوەیە بۆ دەستڕاگەیشتن بە خەڵکانێکی هەرچی زیاترە بۆ سەرژمێری گشتی 2021.

کارمەندانی ئێمە بۆ بەشداربوونی خەڵکی ناوچەکە لە سەرتاسەری ماوەی سەرژمێری گشتیدا بەردەست دەبن بە سەرجاوە، ڕێنمایی و پشتگیری کردارەکییەوە کە یارمەتی هەموو کەس بدات بۆ بەشداریکردن.



# زانین

تۆ تێگەیشتنێکی ناوازەت هەیە دەربارەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ناوچەکەت و ئەو ئاستەنگیانەی کە دێنە ڕێگایان. ئەو زانینە بوار بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت بۆ پلاندانان بۆ ئەو پشتگیرییەی کە یارمەتی هەموو کەس دەدات بۆ بەشداربوون.

# هۆشیاری

پەیوەستەکانی ناو کۆمەڵگەکەتان دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە سەبارەت بەوەی کە سەرژمێری گشتی چییە و بۆچی بۆ هەموو کەس گرنگە. ئەوە وەها لە خەڵک دەکات متمانە بە سەرژمێری گشتی بکەن و پشتگیری زیاد دەکات.

# دەستڕاگەیشتن

ڕایەڵەکانتان لەناو خەڵکدا دەتوانن یارمەتیمان بدەن دەستمان بەو کەسانە ڕابگات لەناو خەڵکی ناوچەکەتدا کە پێویستییان بە پشتگیرییە بۆئەوەی بەشداری بکەن. ئەوە ئەوە دڵنیا دەکات کە ئەوانیش سەرژمێر دەکرێن.

# زانیاری زیاتر دەستگیر بکە

زانیاری زیاتر دەستگیر بکە سەبارەت بە هاوکاریکردنی یەکتر بۆ پشتگیریکردنی خەڵکی ناوچەکەت.

لێرەدا زیاتر لەسەر سەرژمێری گشتی بخوێنەرەوە **www.census.gov.uk**

دوای سەرژمێری گشتی بکەوە **@Census2021**

